# دەرکەوتەکانی ئەنیما و ئەنیمۆس لە حەکایەتی کوردیدا

**پ. ی. د. هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور**

بەشی زمانی کوردی- زانکۆی سۆران

**م. ی. هەدار سەفەری محەممەد**

بەشی زمانی کوردی- زانکۆی سۆران

**پوختە**

باسکردن لە سرووشتی مرۆیی(ژن و پیاو) یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی مێژووی هزر و فەلسەفە و زانست، بەجۆرێک کە سرووشتی مرۆیی، هەمیشە وەکو بابەتێک جێگای باس و مشتومڕ بووە. پرسیارە بنەڕەتییەکە لێرەدایە، ئایا ئێمەی مرۆڤ بە سەرنجدان لە بنەما کولتووری و مێژوویی و تاکەکەسییەکانمان، تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیمان چۆن دەردەکەون؛ بە سەرنجدان لەوەی ناسنامەی کەسایەتی هەر مرۆڤێک لەژێر کاریگەری هەندێک فاکتەری مێژوویی و دەروونییە، بۆیە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی، پەنابردنە بەر لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە و حەکایەتە کۆنەکان، بوارێکی گرنگی لێکۆڵینەوە بووە و هەیە. لێرەدا، بە مەبەستی تیشک خستنەسەر جۆری دەرکەوتەکانی ئەنیما و ئەنیمۆس، کە دواجار دەتوانن تا رادەیەک روونکەرەوەی جۆری دەرکەوتنی تایبەتمەندییە ژنانە و پیاوانەکان بن لە کۆنەستی ئێمەی مرۆڤی کورددا، ئەم توێژینەوەیەمان بە ناونیشانی (دەرکەوتەکانی ئەنیما و ئەنیمۆس لە حەکایەتی کوردیدا) دەستنیشانکردووە.

بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، سوودمان لە مێتۆدی وەسفی شیکاری وەرگرتووە. لە رووی تیۆرییەوە پشتمان بە روانگە تیۆرییەکانی کارڵ گۆستاف یۆنگ سەبارەت بە نەستی بەکۆمەڵ(collective unconscious) تەرزە سەرەتاییەکان (archetypal patterns)و چییەتی ئەنیما(Anima) و ئەنیمۆس(Animus) بەستووە، کە دوو لەو تەرزە سەرەتاییانەن؛ هەرچی ئەنیمایە پەیوەستە بە دەرکەوتەکانی سیفەت و تایبەتمەندی ژنانە لە پیاواندا و هەرچی ئەنیمۆسیشە بە پێچەوانەوە. دواتریش ئەو تایبەتمەندییانەمان بە سەرنجدان لە جۆری دەرکەوتنی هەریەکەیان لە دەقەکاندا دەستنیشانکردوون.

لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە ئێمە دەمانەوێ ئەوە نیشانبدەین، کە ئەو دەرکەوتانە بە چ شێوەیەک دەرکەوتوون و، لە ئەنجامیشدا بەوە گەیشتووین، کە هەردوو تایبەتمەندی ئەنیما، چ لایەنی ئەرێنی و چ لایەنی نەرێنی و ئەنیمۆسیش، لە کەسایەتی کارەکتەرەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە.

سنووری توێژینەوەکەشمان بەرهەمی (هەقایەتی کوردەواری؛ سێ دەرمان) لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی "د. عەزیز گەردی" یە، کە ٣٠ حەکایەتی کوردی لەخۆگرتووە.

**وشە سەرەکییەکان:** *نەستی بەکۆمەڵ، تەرزە سەرەتاییەکان، ئەنیما، ئەنیمۆس، هەقایەتی کوردی.*

---

## پێشەکی

پرسیارەکانی پەیوەست بە سرووشتی مرۆیی، پرسیاری لەمێژینە و ئاڵۆزن. لەوەتەی مرۆڤ راماوە و لە سەردەم و شوێنە جیاوازەکانەوە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی خۆی ڕوانیوە، هەمیشە هەوڵیداوە پێناسەی سرووشتی خۆی و تایبەتمەندییەکانی بکات. ئێمە لەم سەردەمەدا، ئەگەرچی مەودایەکی دووروودرێژمان لەگەڵ پێشینانی خۆمان لەنێواندایە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەش، زۆر لایەنی لێکچوومان تێدا بەرچاو دەکەون. ئەو لێکچوونانە، لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە و بەتایبەتی لە ڕوانگەی "یۆنگ"ەوە، بە بەشێکی گرنگ لە کۆنەستی بە کۆمەڵی هەر گەل و نەتەوەیەک دێنە ئەژمار، کە بەبێ ئەوەی ئاگادار بین بوونەتە بەشێک لە زەینیەت و دەروونی ئێمەش. یەکێک لەو بابەتانەی کە لە کۆنەستی مرۆییدا هەیە و بە تەرزێکی سەرەتایی دانراوە، "ئەنیما و ئەنیمۆس"ن، کە پەیوەستن بە جۆری ڕوانینی ژن و پیاو بۆ یەکتری و هەروەها ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ژن و پیاو لە یەکتریدا. بۆ دەرخستنی ئەم تایبەتمەندییانە و دەستنیشانکردنی ئەم تەرزە سەرەتاییانە، لێکۆڵینەوە لە حەکایەت و هەقایەتە کۆنەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و بوارێکی لێکۆڵینەوەیی گرنگە.

## ناونیشانی توێژینەوە

هەر لەسەر بنەمای ئەوە و لەپێناوی ڕوونکردنەوەی جۆری ڕوانینی ژن و پیاو بۆ یەکتری و ئاشکراکردنی ڕەهەندێکی گرنگ لە زەینیەتی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیمان لە پێوەندی لەگەڵ ڕوانین بۆ ئەنیما و ئەنیمۆس، ئەم توێژینەوەیەمان بە ناونیشانی (دەرکەوتەکانی ئەنیما و ئەنیمۆس لە حەکایەتی کوردیدا) هەڵبژاردووە.

**گرنگی توێژینەوە**

گرنگـی ئەم تـوێژینەوەیە وەکـو لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا، بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە کە نیشـانبدەین، جـۆری روانینـی ژن و پیـاو بـۆ یەکتـری و دەرکەوتنـی تایبەتمەنـدییەکانی هەریەکە لەم دوو رەگەزە لەناو یەکتریدا، لە دەقی حەکایەتیی و هەقایەتی کوردیدا چۆنە. چـونکە ئەمە بەجۆرێـک لە جۆرەکـان ئەو بەرچاوڕوونییەمـان پێدەبەخشـێ کە بتـوانین رابردوومـان لەگەڵ ئێسـتامان بەراورد بکەیـن و دواجـار بتـوانین باشـتر لەگەڵ زۆرێـک لەو پـرس و ئاریشـانەی کە دێـنە پێشـەوە هەڵسـوکەوت بکەیـن و لە ئەگەری هەبـوونی کێشـە، چارەسـەریان بکەیـن. چـونکە ئەسـتەمە ئـێمە بتـوانین وەڵامێـک بـۆ پرسـیار و ئارێشـەیەک بـدۆزینەوە، کە رەگێکـی بەهێزی لە میـژوو و زەینیەتـی رابردوومانـدایە؛ ئـێمە لەو رێـگەیەوە دەتوانین پردێک لەنێوان رابردوو و ئێستاماندا درووستبکەین و پێناسـەیەکی روون بۆ دەروون و نەستی بەکۆمەڵمان بخەینەڕوو و دواجار وەڵامێکی واقیعبینانە بدەین بەدەستەوە.

**گریمانە و پرسیاری توێژینەوە**

گریمـــانەی ســـەرەکی ئەم تـــوێژینەوەیە ئەوەیە، کە لە حەکـــایەتی کوردیـــدا، کەســـایەتی ژن و پیـــاو خـــاوەنی تایبەتمەنـــدییەکی دوو رەگەزەیە. واتە هەم لە پیـــاودا تایبەتمەنـدی ژنـانە رەنگـدەداتەوە؛ ئەم رەنگـدانەوەیەش بەجـۆرێکە کە هەم ئەرێنـی و هەم نەرێنییە، ئەگەرچـی رەنگـدانەوەی تایبەتمەنـدییە ژنانەکـان لە پیاوانـدا، زۆرتـر نەرێنـین. بـۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیەش، ئێمە دەمانەوێ وەڵامی چەند پرسیارێک بدەینەوە، لەوانە:

- گرنگترین ئەو رەهەندانە چین کە وەکو تایبەتمەندی ژن لە پیاودا دەرکەوتوون؟
- گرنگـترین ئەو تایبەتمەنـدییانە چـین کە وەکـو تایبەتمەنـدی پیـاو لە کەسـایەتی ژنـدا دەرکەوتوون؟
- ئایا تایبەتمەندییە ژنانەکان ئەرێنین یان نەرێنی؟

**مێتۆدۆلۆژی و سنووری توێژینەوە**

بـۆ بە ئەنجامگەیانـدنی ئەم تـوێژینەوەیە، سـوودمان لە مێتـۆدی وەسـفی شـیکاری وەرگـرتـووە. لە رووی تیـۆرییەوە پشـتمان بە روانـگە تیۆرییەکـانی کـارڵ گۆسـتاف یۆنـگ سـەبارەت نەسـتی بەکـۆمەڵ (Collective Unconscious) و تەرزە سـەرەتاییەکان (Archetypal patterns)و چییەتـــی ئەنیمـــا(Anima) و ئەنیمـــۆس(Animus) بەســـتووە، کە دوو لەو تەرزە سەرەتاییانەن لە نەستی بەکۆمەڵدا؛ هەرچی ئەنیمایە پەیوەستە بە دەرکەوتەکانی سیفەت و تایبەتمەنـــدی ژنـــانە لە پیاوانـــدا و هەرچـــی ئەنیمۆسیشـــە بە پـــێچەوانەوە. دواتـــریش ئەو

تایبەتمەنـــدییانەمان بە ســـەرنجدان لە جـــۆری دەرکەوتنـــی هەریەکەیـــان لە دەقەکانـــدا دەستنیشانکردوون.

لێـرەدا پێویسـتە سـەرنجی ئەو بـابەتەش بـدەین، کە لە جـۆری کارکردنـدا، ئـێمە هەوڵمـانداوە کە بە بەدواداچـوونی میژوویـی، کولتـووری، تاکەکەسـی و واقیعیـانەی ژیـان، سـەرەتا جـۆری تێڕوانینـی کـۆمەڵگە بخەیـنەڕوو و دواتـریش بچیـنە سـەر دەقەکـان و ئەوە روونبکەینەوە کە چۆناوچۆن بوون. ئێمە لەسەر بنەمای دەقەکان و ئەو تایبەتمەندییەی، کە لە دەقەکانـدا هەیە و، تـارادەیەک چوارچێـوەی سـنووری رەفتـار و دەروونـی پیـاو و ژنـی روونکـردووەتەوە، هەوڵمانـداوە تایبەتمەنـدییەکانی ئەنیمـا و ئەنیمـۆس دەستنیشـان بکەیـن. واتە ئـێمە پشـتمان لە لێکـۆڵینەوەی مێژویـی و کولتـووری نەتەوەکـان نەبەسـتووە، بەڵکـو ژینـگەی کـارەکەی ئـێمە دەقەکـانن. ئەمە بە شێکیشـی ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە دەقیقـی روون نیـیە ئەو دەقـانە لە چ سـەردەمێکی میژووییـدا بەرهەمهـاتوون. بـۆیە پێمـانوابوو، کە باشـترین رێگـا بـۆ ئەم لێکـۆڵینەوەیە ئەوەیە سـەرنجی دەقەکـان و ژیـنگەی خـوڵقێنراوی دەقەکان بدرێت.

بـــابەتێکی تـــریش کە پێویســـتە لێـــرەدا باســـی بکەیـــن ئەوەیە، ئـــێمە ئەو تایبەتمەندییەی پیاومان کە بە سرووشتی خۆی حەزی لە رەگەزی بەرامبەر هەیە و بە جوانی و دەرکەوتنـی سەرسـام دەبـێ، وەکـو تایبەتمەنـدی ئەنیمـایی دەستنیشـانکردووە، تەنیـا لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ئاماژەی بە تایبەتمەندییەکی زۆر تایبەتی ژنێک کردبێ.

سـنووری توێژینەوەکەشـمان بەرهەمـی (هەقـایەتی سـێ دەرمـان)١ لە کـۆکردنەوە و ئامادەکردنی "د. عەزیز گەردی" یە، کە ٣٠ حەکایەتی کوردی لەخۆگرتووە.

**پێکهاتەی توێژینەوە**

ئەم تـوێژینەوەیە بەشـێوەیەکی سـەرەکی لە دوو بەشـی سـەرەکی پێکهـاتووە. لە بـڕگەی یەکەمـدا لە رووی تیـۆرییەوە چوارچێوەی تیـۆری بـابەتەکە خـراوەتەڕوو و لە بـڕگەی دووەمیشـدا، هەوڵـدراوە بە سـوودوەرگرتن لە بەشـە تیـۆرییەکە، دەرکەوتەکـانی ئەنیمـا و ئەنیمۆس لە دەقەکاندا دەربهێنرێن.

**لە نەستەوە بۆ نەستی بەکۆمەڵ**

وەک لە پێشەکیدا روونمانکردەوە، ئامـانجی سـەرەکی ئەم توێژینەوەیە بـریتییە لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەنیمـا و ئەنیمـۆس وەک دوو تەرزی سـەرەتایی (شـێوەی سـەرەتایی) کە بەشـێکن لە نەسـتی بەکـۆمەڵی مـرۆڤ، کە لەلایەن "کـارڵ گۆسـتاف یۆنـگ"ەوە خـراونەتەڕوو و روونکـراونەتەوە. بەڵام لێرەدا بەرلەوەی بچینە سەر باسـی ئەوەی کە ئەنیمـا و

ئەنیمۆس چین و چوارچێوەی سنوور و دەرکەوتنیان لە ڕەفتار و ژینی مرۆڤدا تا کوێیە و چۆنە، پێویست دەکات چەند چەمکێکی تر ڕوونبکەینەوە، چونکە بە بێ تێگەیشتن لەو چەمکانە، وێنەیەکی ناکامڵ لە هەریەکە لەو دوو چەمکەی تریش نیشاندەدرێ. ئەوانیش نەستی بەکۆمەڵ و تەرزە سەرەتاییەکانن.

لە بواری لێکۆڵینەوە لە دەروونی مرۆڤ و کەشفکردنی سەرچاوە و هێزی هاندەری ڕەفتارەکانی مرۆڤ، فرۆید بە یەکێک لە ستوونە هەرە بەهێزەکانی مێژووی هزر و بیری مرۆڤایەتی دادەنرێ. پەیبردنەکانی فرۆید بۆ دەروونی مرۆڤ و هەستکردن بە هەندێک لایەنی شاراوە و هەستپێنەکراوی دەروون و هەڵسوکەوتی مرۆیی، وەکو شۆڕشێک دێتە ئەژمار. فرۆید "ژینی مرۆڤ بۆ دوو ناوچەی وشیاری و ناوشیاری دابەشدەکات" (پایندە: ١٤٠١: ١٦) ڕەنگە تا ئێرە داهێنانێکی ئەوتۆ نەبێ، بەڵام لەو شوێنەوە کە دێتە سەر باسی دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو بەشە و شوێن و ڕۆڵی هەریەکێکیان، لەوێوەیە کە تاڕادەیەکی زۆر گرنگی ڕوانگە تیۆرییەکەی دەردەکەوێ. فرۆید هەر بەمەندەوە ناوەستێ و ناوەرۆکی ئەو ناوشیارییەش دەدۆزێتەوە و لێرەوەیە قۆناغێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوەی دەروونی مرۆڤ دەستپێدەکات. ناوبراو "شوێنی هەڵگرتن و شاردنەوەی هەستە سەرکوتکراوەکان بە (نەست) ناودێردەکات" (پایندە: ١٤٠١: ١٦) لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، "نەست لەخۆگری حەز، هەست، هاندەرە غەریزییەکان و ئەو یادەوەرییانەیە کە لە سنووری ڕووناکی و وشیارییەوە بەرەو سنووری تاریک و نەناسراوی نەست، پاڵیان پێوەنراوە."( پایندە: ١٤٠١: ١٦-١٧) ئەوەی کە لەمبارەوە لەپێوەندی لەگەڵ ئەم تێڕوانینەی فرۆیددا گرنگ و بەرچاوە ئەوەیە، کە ئەو نەستە زۆرترین بەشی ژین و دەروونی مرۆڤی گرتووەتەوە و لە هەر ئان و ساتێکدا هەوڵی خۆدەرخستنی دەدات.١

ڕوانگەی یۆنگ بۆ ژین و کەسایەتی مرۆڤ، کەم و زۆر لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکانی فرۆید وەستاوە و سەرچاوەی گرتووە؛ تەنیا ئەوەندەیە کە هەندێک گۆڕانکاری و ناولێنانی تایبەتی بۆ هەندێک لەو بەشانە زیادکردوون و هەندێک نموونە و دەرکەوتەشی بۆ دۆزیونەتەوە، کە دواجار هەوڵیداوە ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی بسەلمێنێ. بە باوەڕی یۆنگ، کە تا ڕادەیەک جیاوازە لە فرۆید، " دەروونی مرۆڤ لە سێ بەشی یان سیستەم پێکهاتووە، کە لە کار و کاردانەوەدان لەگەڵ یەکتری. ئەو ئەم سیستەمانە بە من، نەستی تاکەکەسی و نەستی بەکۆمەڵ ناودەبات."( مخبر: ١٣٩٩: ٧٦) ئەگەر بتوانین بڵێین، جیاوازییەک کە لێرەدا بەدیدەکرێت، لەوەدا نییە کە لێرە سێ سنووری دیاریکراو و لێک جیا هەن، بەڵکو ئەوەی کە ڕوانگەی یۆنگەوە جیاواز دەردەکەوێت، دابەشکردنی سنووری ناوشیارییە(نائاگایی) بۆ دوو ناوچەی لێک جیا؛ نەستی تاکەکەسی و نەستی

بەکۆمەڵ. لێرەدا تەنانەت یۆنگ لە کتێبی (مرۆڤ و هێماکانی) باس لەوە دەکات کە فرۆیدیش بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەمەی باس کردووە، بەڵام سەرنجی لەسەر چڕنەکردووەتەوە و پێناسەیەکی قوڵی بۆ نەکردووە. یۆنگ دەڵێ "لەمجۆرە بابەتانەدا، پێویستە سەرنج بدەین(هەڵبەت فرۆید پێش هەموو کەس سەرنجی لەوە داوە و کردوویەتییە بابەتی لێکدانەوە) کە توخمەکان هیچ ڕەهەندێکی کەسییان نییە و ناکرێت لە ئەزموونە کەسییەکانی خەونبینینەوە سەرچاوە بگرن. ئەم توخمانە کە پێش ئەمە لەبارەیانەوە دوام ، هەر ئەوانەن کە بە (پاشماوە کۆنەکان) یان شێوە دەروونییەکان ناویان دەنێت، کە دەوترێت خودیی و میراتی زەینی مرۆڤن و لە دەرەوەی بازنەی ڕووداوەکانی ژیانی تاکەکانن."(یۆنگ: ٢٠١٩: ٨٦) لە ڕوانگەی یۆنگەوە لایەنێکی قوڵتر لە ناوشیاری مرۆڤدا هەیە، کە تەنیا پەیوەست نییە بە ژیانی تاکەکەسی و ئەزموونی تاکەکەسی مرۆڤەکانەوە. هەربۆیە ئەو پێیوایە کە ئەو لایەنە یان ئەو توێژاڵە، توێژاڵێکی قوڵترە لە نەستی تاکەکەسی.

یۆنگ هەر لە درێژەدا بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەم لایەنە و پەنجەدانان لەسەر ئەوەی کە ناوشیاری، تەنیا نەستی تاکەکەسی تێدا نییە، دەڵێ "چەمکی نەست، لە سەرەتادا تەنیا ئاماژەی بە ناوەرۆک و بابەتە سەرکوتکراو و لەبیرچووەکان دەکرد. تەنانەت فرۆیدیش کە نەستی ـ لانیکەم ـ بە دەربڕینێکی خوازەیی، بە هۆکاری چالاک دەزانی، ئەوی بە شتێکی زیاتر لە کۆبوونەوەی ناوەرۆک و بابەتی سەرکوتکراو و لەبیرچوو نەدەهێنایە ئەژمار، کە هەر بەپێی ئەم بابەتانە، مانایەکی کردەیی هەیە. لەمڕووەوە، نەستی بە خاوەن سرووشتیکی تاکەکەسی دەزانی، هەرچەندە ئاگاداری پێکهاتە زەینییە کۆن و حەکایەتییەکان بوو."(یونگ: ......: ١٣-١٤) هەر لە دریژەدا یۆنگ دەڵێ، "گومانێک لە ئارادا نییە، کە بەشی کەم یان زۆر لە ڕواڵەتی نەست، تاکەکەسییە و من بە نەستی تاکەکەسی ناوی دەبەم." (یونگ: ......: ١٤) یۆنگ دەیەوێ سەرچاوەی هەندێک تێگەیشتن و ڕەفتار و دەرکەوتەی زەینی مرۆڤ لێک جیابکاتەوە.

بە باوەڕی یۆنگ، زۆر دەرکەوتە هەن پەیوەندییان بە هیچ ئەزموونێکی تاکەکەسی و ڕاستییەکی دیاریکراو و دەستنیشانکراوی مرۆڤەوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەن. بۆیە وەک خۆی دەڵێ، لە ئاستێکی قوڵتردا بۆ ئەم بابەتە دەڕوات و پەنجەی لەسەر دادەنێ و پێیوایە سەرەڕای ئەوەی کە فرۆید شارەزای حەکایەت و پێکهاتەی زەینییە کۆنەکان بووە، بەڵام تیشکی نەخستووەتەسەر. هەر لێکۆڵینەوە لەم لایەنە بووەتە هۆی ئەوەی کە جێگایەکی تایبەتتر بۆ یۆنگ بکاتەوە؛ چونکە لێکۆڵینەوە لە من و نەستی تاکەکەسی کە پێشتر تیشکمان خستنەسەر، بەجۆرێک لە جۆرەکان، لە تێگەیشتنی فرۆیدیشدا هەمان شتن، بەڵام ئەوەی کە یۆنگ جیادەکاتەوە، بەشی سێیەمی ئەو

پێکهاتەیەیە کە بە نەستی بەکۆمەڵ ناوی دەبات. نەستی بەکۆمەڵ "لەژێر نەستی تاکەکەسیدایە و ناوچەیەکی تاریکە، کە لە ڕێگەی جۆرێک یادەوەری (نەوەکان) بە میرات پێمان دەگات و پڕ لەو تەرزە سەرەتاییانەیە کە لە کولتووری تەواو جیاوازەکاندا، بە بێ سەرنجدان لە کات و شوین، هاوشێوەی یەکترن." (مخبر: ١٣٩٩: ٧٧) لەمبارەوە یۆنگ بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر ئەوەی کە نەستی بەکۆمەڵ چییە، لە دوای ڕوونکردنەوەی نەستی تاکەکەسی، دەڵێ" ئەو لایەنەی نەستی تاکەکەسی پشتبەستوو ب بە لایەنێکی قووڵترە، کە نە تاک خۆی بەدەستیدێنێ و نە بەرهەمی ئەزموونی تاکەکەسیشە، بەڵکو (فطري ـ سرووشتی یان بۆماوەیی) یە؛ من ئەم لایەنە قووڵە بە (نەستی بەکۆمەڵ) ناودەبەم."(یونگ: ....: ١٤) سەبارەت بە چەمکی بەکۆمەڵیش دەڵێ، "هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ئەم بەشە پەیوەست نییە بە نەستی تاکەکەسی، بەڵکو گشتییە و بە پێچەوانەی (دەروونی تاکەکەسی) ڕەفتار و بابەتگەلێک لەخۆدەگرێ، کە کەم و زۆر لە هەموو شوێنێک و لای هەموو کەس یەکسانن. بە دەربڕینێکی تر، لە هەموو تاکەکاندا وەکو یەکە و لەمڕووەوە بەستێنێکی دەروونی هاوبەش پێکدەهێنێ، کە خاوەنی چیەتییەکی (ماهیەت) سەروو تاکەکەسییە و لە هەمووماندا هەیە." (یونگ: ....: ١٣-١٤) بۆیە لە ڕوانگەی یۆنگەوە ئەگەر نەستی تاکەکەسی ناوەڕۆکەکەی لە ئەزموونی تاکەکەسی و گرێ هەستتەوەرەکان سەرچاوەی گرتبێ و دواجار ببێتە هۆی ئەوەی کە ژیانی دەروونی تاکەکەسی و تایبەت بنیاتبنێت، ئەوا نەستی بەکۆمەڵ، وێنەیەکی ئایدیالییە. (یونگ: ..... : ١٤)٢ ئەمە واتە ئەو شتەی کە دەستنیشانکردنی سەرچاوەی نەستی تاکەکەسی و هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە لەو نەستەدا دەردەکەون و ڕەهەندێکی جیهانی و هاوبەشیان هەیە، دیار نییە.

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی کە لە هزری یۆنگدا تەوەری سەرەکییە و و پێی جیادەکرێتەوە، نەستی بەکۆمەڵە. بابەتەکەی ئێمە لێرەوە دەستپێدەکات، کە تەرزە سەرەتاییەکان لە نەستی بەکۆمەڵدان، کە "ئەنیما و ئەنیمۆس"یش وەک دوو تەرزی سەرەتایی، لەم بەشەی زەین و دەروونی مرۆڤدان. بۆیە لێرەوە دەچینە سەر تەرزە سەرەتاییەکان و باسکردنی چییەتی ئەنیما و ئەنیمۆس.

### تەرزە سەرەتاییەکان

وەک خستمانەڕوو، بونیادی سەیرکردنی یۆنگ بۆ نەستی بەکۆمەڵ، سەرچاوەی نادیاری کۆمەڵێک بەها، ڕوانین، ڕەفتار و دەرکەوتەیە، کە بە درێژایی نەوەکانی مرۆڤایەتی دووبارەبوونەتەوە و یۆنگ بە تەرزە سەرەتاییەکان ناویان دەبات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تەرزە سەرەتاییانە، کە لە دروونی مرۆڤدا دەردەکەون، نادیاری

سەرچاوەی هەڵقوڵانیانە. بۆیە گریمانەی کۆنی دەروونی مرۆڤ دەکیشێتە ناوەوە. ئەو بەدوای ئەوەوەیە، کە سەرچاوەی زۆرێک لەو تەرزە سەرەتاییانە دەستنیشان بکات و بیانبەستێ بە ئێستاوە. یۆنگ باوەڕی وایە کە "دەروونی مرۆڤ زۆر کۆنە و بنەڕەتی زەینی ئێمە پێکدەهێنێت. ڕێک هەروەکو پێکهاتەی جەستەی ئێمە کە شێوازی پێکهاتەی ئاژەڵانی گوانداری هەیە، چاوی کورتبینی جەستەناس یان ژینگەناس، دەکرێت بەرپەرچی درووستبوونی ئەم لێکچوونە ئەندامیەی ئێمە بداتەوە. لێکۆڵەری کارامەی زەینیش دەتوانێت بەمشێوەیە بوونی لێکچوون لەنێوان هێماکانی خەونی مرۆڤی ئەمرۆ، لەگەڵ هێماکانی خەونی مرۆڤی سەرەتایی (دەرکەوتە گرووپییەکان) و ناوەرۆکی حەکایەتکان، ببینێت."(یۆنگ: ٢٠١٩: ٨٦) یۆنگ لێرەوە دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە هاوشێوەی لێکچوونی جەستەی گوانداەکان، کە ئێمەی لە پۆلێنێکدا داناوە و هاوشێوەیی بەدیهێناوە، بە لێکۆڵینەوە لە ڕۆحی مرۆڤی ئەم سەردەمە و ئەو ڕۆحەی کە لە حەکایەتکانی سەردەمی کۆندا هەبووە، دەشێت ئەو هاوشێوەییە و ئەو کۆنییەی هەندێک دەرکەوتە ببینین، کە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەکەی خۆیدا بە تەرزە سەرەتاییەکان ناویان دەبات.

لە رووی زاراوەییەوە، "تەرزە سەرەتاییەکان لە وشەیەکی یۆنانی پێکهاتووە لە دوو بەشی (arche) بە مانای یەکەم و (type) بە مانای مۆر و نیشانە یان نموونەیە. ئەمانە وەکو عەمبارێکن لەو ئەزموونانەی کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤ دووبارە بوونەتەوە."(اسنودن: ١٣٩٣: ١٢١) وەک دەردەکەوێ، فاکتەری مێژوویی و کۆن بوون و نادیاری سەرچاوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تەرزانە. هەربۆیە لەمبارەوە یۆنگ دەڵێ "سەرچاوەی تەرزە سەرەتاییەکان ناسراو نییە، بەڵام لە تەواوی مەوداکان و لە هەموو جێیەکی دونیا بەرچاودەکەون. تەنانەت لەو جێگایانەش کە ناتوانرێت ئامادەییان لە بەردەوامیی نەوەکان و تێکەڵاویی ڕەگەزییەکان(نەژادی) لە ئەنجامی کۆچکردنەوە، ڕوونبکرێتەوە."(یۆنگ: ٢٠١٩: ٨٧)

لەمڕوانگەیەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە بە هیچ شێوەیەک ڕەنگە ڕێیتێنەچێت سەرچاوەی ئەو تەرزە سەرەتاییانە دەستنیشانبکرێ، یان ئەوەتا بدرێتە پاڵ نەتەوە و خەڵکانێک یان گرووپێکی دیاریکراو. بۆیە هەندێکجار دەچنە سنووری خەیاڵ و زۆر موجەڕەد دەبن؛ تەنانەت لەسەر بنەمای ئەوەی کە هۆکاری شکڵگرتنیان بەشێوەیەکی میتافیزیکییە، بۆیە یۆنک سەبارەت بە پرسیاری سەرچاوەکەیان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە وەڵامێکی ئەوتۆی پێ نییە. (اسنودن: ١٣٩٣: ١٢٢) بۆیە لەمڕووەوە دەتوانین بڵێین تەرزە سەرەتاییەکان بریتیین لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ڕەمزی پەیوەست بە کەسایەتی یان ڕووداو، کە لە حەکایەتکانی پەیوەست بە کولتووره جیاوازەکان دەردەکەون و ڕەفتار و

هەڵســـوكەوتێكی هاوشـــێوەیان هەیە. (مخبـــر: ١٣٩٩: ٧٩) نەتەوەكـــان ئەو رەفتـــار و هەڵسوكەوتانەیان لە رێـگەی بەردەوامـی دووبارەبوونەوەیـان لەلایەن نەوەكـانەوە، كـردوونەتە خەسڵەتی دەروونی و سەرچاوەكەی لێ نادیار كردوون، تەنیا ئەوەندەیە دەزانن كە بەشێكە لە پێكهـاتەی زەیـن و دەروونیـان. بـۆیە ئەگەرچـی بەوشـێوەیە بـاس لە تەرزە سـەرەتاییەكان دەكـرێ، كە وێنـا و خەیـاڵگەلێكن و لە دنیـای مـادی بوونیـان نیـیە و لە قـوڵترین نەسـتی تاكەكاندا جێیانگرتووە، بەڵام یۆنـگ پێداگری دەكات، كە ئەمە بەو مانایە نییە ئەوان راسـتیی تـایبەتی خۆیـان نییە.(اسـنودن:١٣٩٣: ١٢١-١٢٢) راستییەكەشـی وەهـایە، ئەگەرچـی سەرچاوەكەیان دیار نییە، بەڵام ئەوەی كە دەبێتە بەشێك لە خەیاڵ و بیركردنەوە و رەفتار و هەڵسوكەوتی تاكەكان، ئیتر بۆخۆی دەبێتە راستییەك.

دەركەوتەی ئەو تەرزە سەرەتاییانە لەناو نەستی بەكۆمەڵدا، كە چوارچێوەی رەفتار و بـاوەڕ و هەڵسـوكەوتەكان رەنگرێـژدەكەن، ژمارەیـان زۆرە؛ كە ئـێمە لێـرەدا تەنیـا سـەرنج دەخەینە سەر ئەنیما و ئەنیمۆس.

**ئەنیما و ئەنیمۆس**

سرووشـتی مـرۆڤ ئـاڵۆزە و دەستنیشـانكردنی سـنوور و چوارچێوەی بـوونی، ئەسـتەمە. ئەم ئاڵۆزییە تەنانەت تا ئەو شوینە دەچێتە پێشەوە كە هەندێكجار سنووری نێوان پێكهـاتە و بەشە ئاڵۆز و دژ بەیەكەكانیش دەچڕژێنە ناو یەك. یەكێك لەو پرسانەی كە بە درێژایی مێژوو لە بیركردنەوە و رەفتاری مرۆڤەكاندا خۆی نواندووە و جێگەی باس و مشتومڕ بووە، پەیوەنـدی نێـوان ژن و پیـاو و سـنووری دەركەوتەی هەریەكەیـان بـووە. ئەگەرچـی زۆرجـار كـاتێـك بـاس لە ژن و پیـاو دەكەیـن، وەكـو دوو رەگەزی دژ بەیەك دەكەونە بەرچاومـان، بەڵام راسـتییەكەی ئەوەیە، ئەو دوو رەگەزە زۆر پێكـداچوو و لێـك نـزیكن. ئەم بـابەتە لە پرسی نێوان ئەنیما و ئەنیمۆسدا، بە روونی دەردەكەوێ.

بۆ چوونەناو باسی ئەنیما و ئەنیمۆس، وەكو یەكێك لەو تەرزە سەرەتاییانەی كە یۆنگ لە نەستی بەكۆمەڵدا باسیان دەكات، دەتوانین بە دەربڕینێكی زۆر بـاوی خۆمـانە، كە لە كۆمەڵگەی كوردیدا باوە، دەستپێبكەین. زۆر جار ئێمە لە دەربڕینەكانماندا، بۆ وەسفی پیاوێك كە هەندێك تایبەتمەندی و سیفەتی ژنانەی هەڵگرتووە، دەڵێین ئەو كەسە چەند ژنانییە. بەومانایەی كە ئەو پیاوە هەندێك خەسڵەتی هەیە، لە خەسڵەتی ژن دەچن.(٣) ئەمە بۆ دەربڕینی "پیاوانە"ش بەرامبەر بە ژن راستە، كە بەومانایە دێت ئەو ژنە هەڵگری هەندێك تایبەتمەنـدییە، كە لە پیـاودا هەن. ئەمە یەكـێكە لەو بابەتـانەی كە یۆنـگ بە تیشـك خستنەســەر حەكـایەت و بـاوەڕ و زەینیەتـی كـۆنی مرۆڤەكـان دۆزیـویەتەوە و لە راسـتیدا پێداگری لەسەر ئەوە كردووە، كە مرۆڤەكان سەرەڕای نێربوون یان مێینەبوونیان، بەڵام لە

هەمانکاتــدا تایبەتمەنــدییەکی دوو رەگەزییــان هەیە. بەو مانــایەی کە لە سرووشــتی هەریەکێکیاندا، هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی رەگەزەکەی تر دەردەکەون. رەنگە ئەمە یەکێک بێت لەو بابەتانەی کە بووەتە هێڵی پەیوەندی ئەم دوو رەگەزە، بەومانایەی کە "ئەنیما و ئەنیمۆس بەرپرسیارێتی بەشی گەورەی ژیانی عاشقانەی ئێمەیان لەسەرشانە؛ هەربەوجۆرەی کە لە حەکایەتیەکی کۆنی یۆنانیدا هاتووە، ئێمە بەردەوام لە رەگەزی بەرامبەری خۆماندا، بە دوای نیوەی ونبووی خۆمانەوەین، کە خواوەندەکان لێیان وەرگرتووین."(مخبر: ١٣٩٩: ٨٤) کورتەی ئەم دەربڕینە ئەوەیە کە نە ژن تەنیا بە ژنێتی دەتوانێ بەردەوام بێت و نە پیاویش بەردەوام بە پیاوێتی، بەڵکو پێویستە لە هەردووکیاندا هەندێ تایبەتمەندی هاوبەش هەبن، کە ریگای پێوەندی دوولایەنە درووستبکەن. ئەمە بابەتێکە کە لە ئەنیما و ئەنیمۆس دا رەنگدەدەنەوە؛ چونکە (بۆ نموونە) حەزکردنی ژن لە هەندێک تایبەتمەندی پیاوانە و دیتنەوەیان لە کەسایەتییەکی تایبەتدا، دەتوانێ ئەو ژنە بکەنە عاشقی ئەو پیاوە.(اسنودن:١٣٩٣: ١٣٨)

هەرچی "ئەنیما"یە لە روانگەی "یۆنگ"ەوە "بەرجەستەکەری تەواوی حەزەکانی دەروونی ژنانە لە رۆحی پیاودا. هەروەکو هەستەکان، خو و رەفتاری ناڕوون و ئاشکرا (کاری پەیامبەرانە)، هەستیاری نالۆژیکی، شیاوی عیشقی کەسی، هەستگەلی پەیوەندیدار بە سرووت و سەرەنجام پەیوەندییەکانی لەگەڵ نائاگایی، کە گرنگییەکەی لەوانی دی کەمتر نییە."(یۆنگ:٢٠١٩: ٢١١) دیارە لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین، کە دەستنیشانکردنی جۆری ئەو تایبەتمەندییانە و هەروەها جۆری دەرکەوتنیان، کارێکی هەروا ئاسان نییە و لە کولتوور و باوەرێکەوە بۆ یەکێکی تر، ئەستەمە؛ بەڵام ئەوەندە هەیە کەم و زۆر لێکدەچن. ئەمە تەنانەت تا ئەو شوێنە دەچێتە پێشەوە، کە زۆرجار ئەم دوو رەهەندی بوونەی کەسایەتی ژن و پیاو لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، یان بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا وەکو یەک دەرناکەوێ و بە ئاسانی خۆی نیشان نادا. یان بە دەربڕینێکی تر، ئەم تایبەتمەندییە دوانەییەی مرۆڤ(ژنانەبوون یان پیاوانەبوون) ئەگەرچی بەردەوام لە ئاستێکی دیاریکراودا دەردەکەون، بەڵام جێگایەکی لە دەرخستنی ئەرکی رۆژانەی کەسەکەدا نییە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو وێنە نموونەییەی کە بۆخۆی درووستی جێگیری کردوو، تێکبدات.(Jung: 2004: 1) ئەمە بەو مانایە دێت، کە سەرەرای ئەوەی لە دەروونی هەر پیاوێکدا ژنێک هەیە و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام زۆرجار ئەوە بە ئاسانی و راشکاوی دەرناخرێ و نیشان نادرێ، چونکە دواجار بەگوێرەی تایبەتمەندی زۆرێک لە کۆمەڵگەکان، ژن ژنە و پیاویش پیاو. بۆیە هەرجۆرە تێکەڵکردنێک لەمبارەوە، بە خراپی لەسەر کەسایەتی ژن/پیاوەکە دەشکێتەوە. بۆیە زۆرجار مرۆڤ تووشی خودسانسۆرییەکی زۆر دەبێ. (٤)

وەک گوتمان ئەنیما بریتییە لە دەرکەوتنی تایبەتمەندی ژنانە لە رۆح و دەروونی پیاواندا. ئەوەی لەم نێوەدا گرنگە ئەوەیە، کە ئەو تایبەتمەندییە ژنانەیە کەم و زۆر بەگوێرەی کۆمەڵگە جیاوازەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و پەیوەست دەبێت بە هەلومەرجی تایبەتی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە. بۆیە کەسایەتی و تایبەتمەندی هەریەک لە ئەنیما و ئەنیمۆس، تەنیا بە تایبەتمەندییە شاراوە سێکسییەکان دەستنیشانناکرێ، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەزموونی هەریەکەیان کە لە ژیانی تایبەتییان لەگەڵ رەگەزەکەی بەرامبەریان هەیانبووە و، هەروەها بەو وێنە گشتییانەوە پەیوەستە، کە لە زەینی ژن و پیاودا بەرامبەر یەکتری هەیانبووە. (Jung: 2004: 2) لە راستیشدا کاتێک سەیری بەرهەم و تێگەیشتنی نەتەوە جیاوازەکان دەکەین لە چۆنیەتی رەنگدانەوەی ئەم بابەتە، زۆر بە روونی دەبینین کە گرێدراوی تایبەتمەندییە کەسی و کولتووری و مێژووییەکانن. بە دەربڕینێکی تر، ئەنیما تەنیا ژنێکی تایبەت و دیاریکراو نییە، ئەم تەرزە سەرەتاییە لەخۆگری هەموو وێنە کۆن و پێشینەکانە، کە نیشاندەری مێیینەیی و ژنێتین؛(اسنودن: ١٣٩٣: ١٣٧) ئیتر لە هەر کۆمەڵگەیەک و بەجۆرێک. بۆ نموونە یۆنگ دەڵێ " نموونەی سەرنجڕاکێشی ئەم رەگەزە مێیینەیە(ئەنیما)، وەکو شێوەی ناوکی دەروونی پیاوانە، لە رێگەی جادوگەرانی هۆزەکانی ئەسکیمۆ و هۆزەکانی دیکەی جەمسەری باکور نیشاندراوە."(یۆنگ: ٢٠١٩: ٢٠١١) هەر لە درێژەدا باس لەوە دەکات کە "بەشێک لەوانە تەنانەت جلی ژنانەیان لەبەرکردووە و لەسەر جلوبەرگەکانیان شێوەی مەمکی ژنانیان دەکێشا، تاوەکو دەروونی ژنانەی ناوەکیان ئاشکرا بکەن کە توانای ئەوەیان پێدەبەخشێت لەگەڵ (سەرجەمی رۆحەکان)(ئەوەی کە ئێمە ناوی دەنێین نائاگایی، پەیوەندی دروستبکات)."(یونگ: ٢٠١٩: ٢١٢) خۆ ئەگەر بە گوێرەی رای لێکۆڵەران بچینە پێش و ئەم بابەتە روونبکەینەوە، دەتوانین چەندین تایبەتمەندی دیکە دەستنیشانبکەین، کە بە سەرنجدان لە رەنگدانەوەی ئەم ئەنیمایە لە بەرهەم و رەفتارییاندا، دەستنیشانکراون. ئیتر چ ئەرێنی بن و چ نەرێنی(ئەگەرچی زۆریەیان نەرێنین). لەمڕووەوە دەتوانین تایبەتمەندییەکانی وەک توڕەیی، بێتوانایی، گومان، ئارەزوو بۆ کاری ناشیرین، ناپەسەند (یۆنگ: ٢٠١٩: ٢١٢-٢١٣) یان سۆزانییەکی فریودەر، ژنێکی فریشتە ئاسا و پیرۆز، رێبەری مەعنەوی، سرووشتی هەست و سۆزاویی، تایبەتمەندی پڕ رەمز و راز و نەناسراو، زیرەکی و مەکربازی، نالۆژیکی بوون، دووڕووبوون، ناوشیاری، غروور، خۆپەرستی، ساردوسڕی و بێ توانایی، بە بەشێک لە دەرکەوتەی ئەنیمایی لە دەروونی پیاواندا ببینین.(اسنودن: ١٣٩٣: ١٣٥-١٣٦) یان ئەوەتا لە شێوەی خزمەتکارێکی گەنج، خواوەندێک، جادوگەر، فریشتە، شەیتان، ژنێکی گەدا، لەشفرۆش یان ژنێکی هاودەمی فیداکار و جەنگاوەر ببینین.(Jacobi: 1980: 116)

دیــاره لەمبــارەوە هەروەکــو پێشــتریش گوتمــان بە گــوێرەی تایبەتمەنــدییە کۆمەڵایەتی و کولتــووری و مێژوویــیەکــان و هەروەهــا هەســتی تاکەکەســی مرۆڤەکــان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و تەنانەت ژیانی تایبەتی کەسێکیشدا، زۆر تایبەتمەندی دیکە دەستنیشانبکەین. ئەوەی گرنگە بزانین، ئەنیما وەکو تەرزێکی سەرەتایی، لە بوونی هەموو پیاوێکدا بەرجەستە دەبێت و هەر ئەمەشە دەبێتە رایەڵێکی پەیوەندی لەنێوان رەفتار و بیری مرۆڤی ئێستا و نەوەکانی رابردوو.

هەرچی ئەنیمۆسە، بە پێچەوانەی ئەنیما، بریتییە لە دەرکەوتنی تایبەتمەندییەکانی پیـاو لە رۆحـی ژنـدا. چـونکە هەر بەوشـێوەیەی کە پیـاو بیرکـردنەوە و حەزی ژنـانەی هەیە، ژنیش بیرکـردنەوە و حەزی پیـاوانەی هەیە کە لە رۆحیـدا بەرجەسـتەیان دەکـات؛ ئەمەش بـۆ ئەوە دەگەرێــتەوە کە تەواوکەری یەکتــرن و لە ژینگەیەکــی کــۆمەڵایەتی پــێکەوە پەیوەستدا دەژین. " کاتێک کە ژنێک بەشێوەیەکی ئاشکرا و بە پێداگری دەستدەدات بە برەودان بە بیروباوەڕی پیاوانە یان هەوڵدەدات بە رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە بیروباوەڕەکـانی خۆی دەرببڕێت، بە ئاسـانی دەروونـی پیـاوانەی شـاردراوەی خـۆی دەردەخات."(یۆنـگ: ٢٠١٩: ٢٢٣) بێگومـان ئەمەش هەروەکـو ئەنیمـا بونیـادێکی کولتـووری و مێژوویـی کـۆنی هەیە؛ واتە بە گــوێرەی هەلــومەرجە مێژوویــی و کولتوورییەکــان و بــاوەڕی کۆمەڵگەکــان ئەم لایەنە دەردەکەوێت. بۆیە مەرج نییە جۆری دەرکەوتنەکان لە ناوەرۆکدا وەکو یەک بن. ئەوەی لەم نێـوەدا روونە ئەوەیە، کە لە بەشـێکی زۆری کولتــووری نەتەوەکانــدا، دەرکەوتنــی پیــاو لە بــوونی ژنــدا، دەرکەوتنێکــی ئەرێنیــیە؛ یــا بە دەربڕینیکــی تــر، بەهــۆی ئەو پەرمــوونەوە کــۆمەڵایەتییەی کە کــۆمەڵگە دەیبەخشــێ بە پیــاو، بــۆیە حەزی پیــاوانە لەنــاخی ژنــدا بە حەزێکی ئەرێنی دادەنرێ. لە راستیدا لەمڕوانگەیەوە، ئەنیمۆس "دەربـڕی لایەنە هزرمەنـدی و لۆژیـکییەکـانی دەروونـی ژنە؛ ئەم خەسـڵەتانە دەتـوانن ژن بەرەو لای زانسـت و بەدەسـتهێنانی مانــای راســتەقینە رێنــوێنی بکەن."(اســنودن: ١٣٩٣: ١٣٧) هەر لەمبــارەوە یۆنــگ دەڵــێ "بەرجەســتەبوونی رەگەزی نێــرینە (ئەینمــۆس) لە نائاگــایی ژنــدا وەکــو رەگەزی مێیینــە (ئەنیما) لە پیاودا، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە بەڵام رەگەزی نیرینە بە زەحمەت بەشێوەی خەیــــاڵاتی جنســــی دەردەکەوێــــت و بەزۆری بەشــــێوەی بیروبــــاوەڕی شــــاراوەی(پیرۆز) دەرکەوێت."(یۆنگ: ٢٠١٩: ٢٢٣) بۆنموونە لە کولتووری ئەورووپیشـدا(لە سـەردەمانی رابـردوو و رەنـگە تـا ئێسـتاش بە ئاسـت و شـێوەی جۆراوجـۆر) بەهـۆی ئەو تیـڕوانینە باوکسـالارییەی کە هەبــووە، ژنــان حەزیــان لەوە بــووە بیــربکەنەوە کە لایەنــی نیرینەیــی پیــاو لە چــاو لایەنــی مێیینەیــی بەبەهــاترە و ئەمەش دواجــار بــووەتە هــۆی ئەوەی کە ئەنیمــۆس بەهێزتــر بکــات. (Jacobi: 1980: 117) ئەمە لە زۆرێـک لە کۆمەڵگەکانـدا تـا ئێسـتاشی لەگەڵدا بێت بـاوەو روانگەیەکــی کــارپێکراوە. بــۆیە کەم و زۆر کاتێــک بــاس لە دەرکەوتەکــانی ئەنیمــۆس

دەکەین، ئێمە باس لە پاڵەوان، ڕێبەری مەعنەوی، با، ئاگر، پاڵەوانە وەرزشکارەکان و ڕۆشنبیران(اسنودن: ١٣٩٣: ١٣٨) دەکەین، کە لە خەون و بەشێوەیەکی گشتی نەستماندا بەرجەستەیان دەکەین. ڕەنگە هەر لەبەرئەمەش بێت کە زۆرجار نیشاندانی تایبەتمەندییە ژنانەکان(لە لایەن پیاوەوە) لە کۆمەڵگە سەیر و ناباو و بە پێچەوانەشەوە دەرخستنی لایەنە پیاوانەکان(لەلایەن ژنانەوە)، ئاسایی و باو بێت.

ئەمە تا ئەو ئاستە چووەتە پێشەوە، کە ئەگەر ژنێک کارێک بکات و گونجاو بێت، بۆ نموونە پێیدەڵێین کارێکی پیاوانەی ئەنجامداوە(لە کولتوری کوردیدا ئەمە زۆر باوە)، چونکە لێرەدا و بۆ ژنانی سەختگیر و جدی، وێنەی ئەنیمۆس پیاوێکە کە کار و ئەرکەکان بە ئەنجامدەگەیەنێ؛ بەومانایەی کە هێز و وزەی خۆ بەرەو شتێک ڕێنوێنی دەکات، کە خاوەنی گرنگییەکی زۆرە. (Jung: 2004: 3) ئەمەش ڕێک بە پێچەوانەی ئەو وێنە نەرێنییەیە کە دراوەتە پاڵ ئەنیما و لە پیاودا دەردەکەوێت و وەک یۆنگ دەڵێ بەمشێوەیە دەردەکەوێ "من هیچ نیم، هیچ شتێک بۆ من مانایەکی نییە و من بە پێچەوانەی ئەوانی تر چێژ لە هیچ شتێک نابەم." (یۆنگ: ٢٠١٩: ٢١٢) بە کورتی پیاو وەک نموونەی جدییەت و ئامانجداری دەردەکەوێت و ژنیش بە پێچەوانەوە. ئیتر دوایی ئەمانە دەبنە دەرکەوتەی ئەنیما و ئەنیمۆس لە دەروونی پیا و ژندا.

**دەرکەوتەکانی ئەنیما و ئەنیمۆس لە حەکایەتی کوردیدا**

وەک لە بەشە تیۆرییەکەدا بۆمان ڕوونبووەوە، ئەنیما بریتییە لە دەرکەوتنی حەزە ژنانەکان لە ڕۆح و دەروونی پیاو و ئەنیمۆسیش بریتییە لە دەرکەوتنی حەزە پیاوانەکان لە ڕۆح و بوونی ژندا. ئەم دەرکەوتانە ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە و لێرەوە بە گوێرەی ئەوەی کە لە تیۆرییەکەدا باسمانکردووە، هەوڵدەدەین دەرکەوتەکانی هەریەک لەو دوو حاڵەتە لە بەرهەمی حەکایەتیی و حەکایەتی کوردیدا دەربخەین.

بەرلەوەی بچینە سەر باسی ئەوەی کە چۆن ئێمە تایبەتمەندییەکانی هەریەک لەو دەرکەوتانە دەستنیشانبکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە بە چەند شێوەیەک دەتوانین ئەو کارە بکەین، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە گوتمان هەریەک لەو دەرکەوتانە، گرێدراوی کۆمەڵێ تایبەتمەندی مێژوویی، کولتووری، زەینی، تاکەکەسی ئەو نەتەوەیەن. واتە لە دەرخستنی تایبەتمەندییە ژنانە و پیاوانەکان، ئێمە دەتوانین هەم پشت بە کولتووری ئەو نەتەوەیە، هەم بە ئەزموونی تاکەکەسی، هەم بە پاشخانی میژوویی ببەستین، کە بە درێژایی مێژوو، لەو نەتەوەیەدا سەبارەت بە ژنانە بوون و پیاوانەبوونی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکان، لەئارادا بوون و دروستبوون.

بێگومـان ئەوەی سـەرەوە کـارێکی زۆر ئەسـتەمە و پێویسـتی بە لێکـۆڵینەوەیەکی وردی کـۆمەڵایەتی، مێژوویـی و دەروونـی هەیە و ئەمە مێتـۆدی ئەم تـوێژینەوەیە نیـیە. تەنیـا ئەوەنـدەیە ئـێمە لەسـەر بنەمـای دەقەکـان و ئەو تایبەتمەنـدییەی کە لە دەقەکانـدا هەیە و، تـارادەیەک چوارچێوەی سـنووری ڕەفتـار و دەروونـی پیـاو و ژنـی ڕوونکـردووەتەوە، هەوڵمانـداوە تایبەتمەنـدییەکانی ئەنیمـا و ئەنیمـۆس دەستنیشـان بکەیـن. واتە ئـێمە پشـتمان بە لێکۆڵینەوەی مێژویی و کولتووری نەتەوەکان نەبەستووە، بەڵکو ژینـگەی کـارەکەی ئـێمە دەقەکانن.

## دەرکەوتەکانی ئەنیما لە حەکایەتی کوردیدا

کاتێـک سـەیری حەکـایەتی کوردی(هەقـایەتی سـێ دەرمـان) دەکەیـن، دەرکەوتەکـانی ئەنیمـا لە چەنـد حاڵەتێکـدا دەتـوانین ببینـین. لە حەکـایەتی (کـۆتر و قەلەڕەش) دەربڕینێکـی دژیەک هەیە، "ژنـیش هەیە و ژنـۆکەش هەیە" یـان "پیـاو هەیە و پیاوۆکەش هەیە"، کە بۆخۆی تاڕادەیەکی زۆر دەرخەری ئەو دوولایەنییەیە کە لە پێکهاتەی کەسـایەتی ژن و پیـاودا هەیە. دوای ئەوەی کە کـۆتر و قەلەڕەش بڕیـاری ئەوە دەدەن پـێکەوە بـن و، کـۆتر بـۆ ئەوە، مەرج لەسـەر ئەوە دادەنـێ کە قەلەڕەش نـابێ شـتی پـیس و گۆشـتی مردارەوەبـوو بخـوا، کەچـی قەلەڕەش دەیشـکێنی، دواتـر بڕیـار لەسـەر ئەوە دەدرێ قەلەڕەش لەسەری بدرێ. بەڵام قەلەڕەش بەر لەوەی لەسەری بدرێ داوا دەکات حەکایەتێک بگێڕێتەوە. دوای ئەوەی کە قەلەڕەش بەسـەرهاتەکەی خـۆی دەگێـڕێتەوە و لـۆمەی کـۆتر دەکـا کە بـۆچی لە کـاتی خـواردنی گۆشـتەکە پێینەگوتـووە، کـۆترەکەش بەسـەرهاتێکی بـۆ دەگێڕێتەوە. لەوێدا باس لە بەسەرهاتی گوڵعوزار دەکا کە پاش ئەوەی باوکی دەچێتە حەج و لەگەڵ بـراکەی دەیانسـپێرێتە دەسـت مەلاکە، بەڵام مەلا ڕۆژێـک هەوڵـدەدات دەسـتدرێژی بکاتە سەر کچەکەی. دوای ئەوەی باوکی دەگەڕێتەوە، مەلا دەستی وەپێش دەخات و لۆمەی کچەکە دەکـات. بـاوکی کچەش بـاوەڕی پێدەکات و بڕیـار دەدا بیکـوژێ. بە کـوڕەکەی دەڵێ کە کچەکە ببـات و بیکـوژێ، بەڵام کـوڕەکە ئەو کـارە ناکـات. چونکە بـاوەڕی بە مەلاکە نابێـت. کـچەکە دوای ئەوەی ڕێـی هـات و نەهـات دەگـرێتە بەر، تووشـی بە تووشـی کوڕی پاشا دەبێت و دەیخوازێ. منـداڵی لێـی دەبێ؛ دواتـر غەریبـی مـاڵی بـاوکی دەکـات و بە کوڕی پاشا دەڵێ، کە دەیەوێ سـەردانی مـاڵی بـاوکی بکـات. ئەویش دەڵێ باشـە و یەکێـک لە ڕەعیەتەکـانی بەناوی عەلۆ، لەگەڵ دەنێرێ؛ لە ڕێـگا تەماع لە گوڵعوزار دەکات و هەرسـێ منـداڵەکەی دەکـوژێ بەڵام گوڵعـوزار خـۆی نـادات بە دەسـتەوە و دەڕوا. گوڵعـوزار دوای هەنـدێک ڕووداوی تـر، خـۆی لەسـەر شـێوەی کوڕێـک دەردێنێ(حەسـەنە کەچەڵ) و دەچێتەوە مـاڵی بـاوکی؛ لەوێ بە قسـە خۆشـی ناوبانـگ دەردەکـات. دوای ئەوەی کـوڕی پاشـاش بە مەسەلەکە دەزانێ، خزمەتکـارەکەی لەگەڵ خزمەتکـارەکەی( عەلۆ) و لەشـکرێک دەچـن

تــا دەگەنە گونــدی بــاوکی گوڵعــوزار. لەوێ کە حەســەنە کەچەڵ بانــگ دەکەن تــا چیرۆکیـان بـۆ بڵێت و قسـەی خـۆش، ئەویـش دێت و بەسـەرهاتەکەی خـۆی دەگێـڕێتەوە؛ بە کاری خراپی هەریەکە لە عەلۆ و مەلا دەزانرێ. لێرەدا عەلۆ و مەلا رەنگدانەوەی پیاوێکن کە کۆنترۆڵیـان بەسـەرخۆیدا نییە و خۆیـان داوەتە دەست هەوەس و هـیچ بەهایەکیـان نییـە. لێـرەدا عەلـۆ و مەلا نمـوونەی ئەو پیـاوۆکەیەن، کە وەکـو ئەنجـامگیری بەســەرهاتەکە هــاتووە؛ "پیــاو هەیە و پیــاوۆکەش هەیە". (گەردی: ٢٠١٤: ١٩) بێگومــان بە گــوێرەی ئەم گێڕانەوەیە، تایبەتمەندی بەهێزی پیاوەتی، خۆڕاگری و خۆکۆنترۆڵکردن و ئەمانەتـداری و داوێنپـاکییە. ئەمە جـگە لەوەی کە ئەگەر لەکۆی حەکایەتەکـانیش بگەڕێـین دەتـوانین هەمـان ئەم تایبەتمەنـدییانە لە سرووشـتی پیـاودا ببینـین و پێچەوانەکەشـی لە ژنـدا. هەربـۆ نموونە لە حەکایەتەکانی (ئەحمەدی بـرای شێر، ماینا بەحری، چیای رەش، هەمزە پاڵەوان، دۆتمـام و پسـمام، سـێ کۆسـە، ئەحـمەد و کچـی قاقـانی چـین، لاکەرتـک) ژن زۆرتـر وەکـو کارەکتەرێکی نەرێنی، حەسود و گیرۆدەی دەستی هەوەس نیشاندراوە.

ئەم دەرکەوتەیەی ئەنیما دەرکەوتەیەکی نەرێنییە لە وجودی پیـاودا، بەڵام هاوکـات لەگەڵ ئەمە دەرکەوتەیەکی ئەرێنیش هەیە، کە دەتوانین هەستناسکی و هاوسۆزی لەگەڵ گوڵعوزار لە لایەن بـراکەیەوە ببینـین. (ئەحـمەد زۆر لە بـاوکی پاڕایەوەو گـوتی مەلا ڕاسـت ناکات دەستی بۆ گولعوزار درێژکـردووە، بـاوکی نەهـاتە بەرێ ......ڕۆیشـتین تـا چۆڵەوانییەک ئەحـمەد دڵـی نەهـات خوشـکی بکـوژێ، جلەکـانی خوشـکەکەی لەبەرکـردەوە و مەڕێکـی سـەربڕی و جلەکـانی خوشـکی بەخـوێن کـرد و بـۆ بـاوکی بـردەوە تـاوەکو وا تێبگـات کوشتوویەتی) (گەردی، ٢٠١٣:١٤). ئەم بابەتە بۆ حەکایەتی (شێرزادە و شێرۆ) ش راستە کە لەوێـدا بە قسـەی دایکـی ناکـا بەرامـبەر بە زڕدایـکەکەی، کە پێـی دەڵـێ لەبـاتی ئەوەی منداڵێکی ببێ، عاجباتییەکی بووە، کە گوجیلە سەگێک بووە . دواجار کاتێک کە بە فێڵی دایکەکەی دەزانێ سزای دەدات.

نەریتـی پیـاوانە لەم حەکایەتـانەدا هەڵسـوکەوتی پاڵەوانـانەیە؛ واتە لەسـەر بنەمـای توانست و لێهاتوویی خۆی هەنگاودەنێ و دەچێتە پێشەوە. بۆیە کاتێک کە پیاوێک ئەم تایبەتمەنـدییانەی نەبـوو، ئەوا پەنـا بـۆ فێـڵ و تەڵەکە دەبـات. دەرکەوتەیەک لەم حـاڵەتە نەرێنییەی ئەنیما دەتوانین لە کەسایەتی (لفتی بەگ) لە حەکایەتی (ماینا بەحری) ببینـین. دوای ئەوەی کە ئەحمەد داخوازەکەی پاشا جیبەجێدەکات و لە بەحرەکە دەپەڕێتەوە، لفتـی بەگ کە ئـامۆزای پاشـا بـوو و حەزی لە کـچەکەی مـامی دەکـرد، بەڵام نەیتوانیبـوو بەدەستیبێنێ، بۆئەوەی ئەحـمەد لەبەرچـاوی پاشـا بخـات و وەرەقەکە وەرسـوڕێنێتەوە و بـۆ لای

خۆی، دەستدەداتە فێڵ و تەڵەکە. بۆیە چووە کن پاشا و گوتی: "پاشام خۆش بێ، تەیرێک هەیە بێت و ئەو تەیرەت هەبێ و لە ناو ماڵت بێ و بچێ، دەبییەوە کوڕێکی چواردە ساڵە.

پاشا گوتی: ئەو تەیرە چ تەیرە؟ بە کێ پەیدا دەبێ؟

لفتی بەگ گوتی: پەڕمووچەیەکی ئەو تەیرە لە کن ئەحمەدی زاواتە. تەیرەکەش بە ئەحمەد نەبێ بە کەس پەیدا نابێ؟" (گەردی: ٢٠١٤: ٥٣) دیارە لفتی بەگ هەر بەمەوە ڕاناوەستێ و شتی دیکەش دەکات، بەڵام بێ ئەنجام دەبێ، چونکە ئەحمەد سەرجەمیان جێبەجێ دەکات. هەمان ئەم تایبەتمەندی پەنابردن بۆ فێڵ و تەڵەکەیە دەتوانین لە حیکایەتی (ئەحمەدی برای شێر) ببینین. کوڕی قراڵ دوای ئەوەی دووجار بۆ بەدەستهێنانی کچی پاشا و خوشکی ئەحمەدی شکست دێنێ، جەرگ و هەناوی دێتە خوارێ، بەڵا هیچیشی پێ ناکرێ. "پیرەژنێکی ئۆینباز هەبوو، چووە لای کوڕی قراڵ و گوتی، هێنانی ئەو کچە بە من گەیشت. کوڕە قراڵ گوتی : ئەگەر بۆم بێنی، سەربەسەر بە زێڕ هەڵتدەکێشم."(گەری: ٢٠١٤: ٤٣-٤٤)

لە حەکایەتەکاندا، پاڵەوان هەمیشە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی زیرەکانە و هێز و وزە و ئامانجێکی بەهێزە. لە حەکایەتی (فسۆس پاڵەوان) دا، کارەکتەری ئەحمەد زۆر لەرزۆک و بێتوانایە، تەنانەت بۆ چوونە دەرەوە بۆ میزکردن پێویستی بەوەیە خێزانی لەگەڵی بچێت. بەڵام دوای ئەوەی کە ژنەکەی دەرگای لەسەر دادەخات و ناهێڵێ بچێتەوە ماڵەوە و ئەویش تووشی بە تووشی حەوت دێو دەبێ، هیچ چارەیەکی نامێنێ. بۆیە لەو ماوەیە تەنیا بە فێڵ و تەڵەکە دەیەوێ بالادەستی خۆی بەسەر دێوەکاندا بسەپێنێ، بە بێ ئەوەی هیچ توانست و ئازایەتییەکی جەستەیی و مەعنەوی هەبێ. لە ڕاستیشدا زۆر بە باشی بە فێڵ و تەڵەکە دەتوانێ دێوەکان دەستەمۆ بکات و بگەڕێتەوە لای ژنەکەی.(گەردی: ٢٠١٤: ٢٥١-٢٦٢)

تایبەتمەندی ئەنیمایی لێرەدا بە دوو شێوە دەردەکەوێ. یەکەمیان لە ترسەنۆکی و بێهێزی و هیچ لەبارانەبوویی، کە هەر هۆکاری ئەوەشە کە ژنەکەی دەریدەکات و دەرگای لەسەر دادەخات، چونکە هیچ تایبەتمەندییەکی پیاوانەی تێدا نییە. دووەمیش ئەوەیە کە ئەگەرچی هیچ توانستێکی جەستەیی و مەعنەوی و پاڵەوانی نییە، بە جۆرێک هیچ ئامانجێکی بالای نییە و بەدوای ئامانجێکی بالادا نەچووە و، تەنیا بە ڕێکەوت و ناچاری لە ماڵ کەوتووەتە دەرێ، بۆیە بۆ سەرکەوتن بەسەر دێوەکاندا و ترساندنیان و گەڕانەوە بۆ لای ژنەکە، تەنیا پشت بە فێڵ و تەڵەکە دەبەستێ. ڕەنگە لێرەدا ئەوە بێتە پێشەوە، کە هەندێکجار پاڵەوانەکانیش پەنا دەبەنە بەر فیڵ، بەڵام ئەوە لە حاڵێکدایە کە پاڵەوانەکە

بۆخۆی شتیکی لەباردایە، تەنیا ئەوەندەیە، هەندێک حاڵەتی بۆ دێنە پێش، کە لە توانا و دەسەڵاتی خۆیدا نین و بۆیە بۆ دەربازبوون پەنایان دەباتە بەر.

لە حەکایەتی (ئەحمەد و کچی قاقانی) دەرکەوتەیەکی تری ئەنیما هەستپێدەکەین، کە تایبەتە بە خۆدانە دەست ناز و هەستی ژن و ئەویش لە کەسایەتی ئەحمەددا دەبینین. دوای ئەوەی کە پیرەژن بە فێڵ خۆی دەگەیەنێتە لای خێزانی ئەحمەدی و بە فێڵ دەیەوێ لە شوینی رۆحی ئەحمەد ئاگادار بێ، ژنەکەی هاندەدات کە لە ئەحمەدی دەربێنێ. ئەحمەدیش بۆ رۆژی یەکەم خۆی بە دەستەوە نادا و بە هەڵە شوێنەکەی پێدەڵێ کە گەسکێکە؛ پیرێژن کاتێک ئەمە دەزانێ بە ژنەکەی دەڵێ ئەوە هەو نییە. ژنەکەش کە ئەحمەد دێتەوە خۆی نەخۆش دەکات و بەمجۆرە ئەحمەد شوێنێکی تری پێدەڵێ، کە شوشەیە؛ ئەویش هەو نییە. ژنەکە بۆجاری دووەم بە هەمانشێوە خۆی نەخۆش دەکات، بەڵام دواجار ئەحمەد پێیدەڵێت و دەڵێ لەناو ئەو شیرەیە کە لەنێوان خۆمان دەخەوێنین. (گەردی: ٢٠١٤: ٢٠٦-٢٠٩) ئەمە راستە و دواجار پیرەژنە هەل دەقۆزێتەوە و شەو شیرەکە دەبات و تووشی کێشە و چەرمەسەرییان دەکات و ژنەکەش دەرفێنێ بۆ پاشا.

ئەم دەرکەوتەیە لە حەکایەتی (ماسی و ماسیگر)یشدا هەیە، لەکاتێکدا کە ماسییە سیحراوییەکە دەڵێ نابێ بەهیچ شێوەیەک ئەو سیحرەی کە من هەمە بۆ خێزانەکەتی باس بکەی. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ماسیگر هەموو جارێک خۆی دەدات بە دەستی ژنەکەیەوە بەو بیانووەی ژنەکەی، کە هاوبەشی ژیانی یەکترن. هاوکات ژنەکە ئەوەش دەڵێ کە ئەگەر پێی نەڵێ، لە کنی نامێنێ. بۆیە ئەم ئەمانەتنەدارییە وەکو خەسڵەتێکی ئەنیمایی لەلای ماسیگرەکە دەردەکەوێ. (گەردی: ٢٠١٤: ٢٤٤-٢٤٥) لێرەدا قسە لە دەم رانەوەستان یان خۆدانە دەست ناز و عیشوەی ژنان، یان هەستناسک بوون، وەکو خەسڵەتێکی ژنانە دەردەکەوێ؛ ئەوەتا لە داستانی (**گیسکی هەیاس**)یش دا، لەکاتێکدا کە هەیاس قۆپەنە خۆڵەکان دەفرۆشێ و پاشا لێی دەکرێ، کاتێک کە قۆپەنی یەکەمی لیدەکرێ، هەیاس دەڵێ "ئەم قۆپەنە خۆڵە بەسەری ئەو کەسەی قسەی دڵی خۆی لای ژنی دەکات."(گەردی: ٢٠١٤: ٢٨٣) دواتر لەرێگەی بەسەرهاتێک و روداوێکەوە لە ژیانی خۆی، ئەمە بۆ پاشا روونەدەکاتەوە، کە چۆن بە هەڵە قسەیەکی لای ژنەکەی کردووە و پاش ئەوەی کە دەبێتە عادزیان، ژنەکەی ئەو وتەیەی لێ بڵاودەکاتەوە و تا سەرحەدی مردن رایدەکێشی.

**ڕەنگدانەوەی ئەنیمۆس لە حەکایەتی کوردیدا**

هاوشـێوەی ئەنیمـا، لە حەکـایەت و حەکـایەتی کوردیـدا، دەتـوانین شـاهیدی دەرکەوتنی ئەنیمۆسیش بین. هەر لە حەکایەتی (کۆتر و قەلەڕەش) و پەیوەست بە دەربڕینی (پیـاو هەیە و پیـاوۆکەش)، دەربڕینـی (ژن هەیە و ژنـۆکەش)هەیە، کە تـاڕادەیەکی زۆر و بە سـەرنجدان لە وتەکەی تـر و، هەروەهـا ڕووداوەکـان و جـۆری بـابەتەکە، دەردەکەوێ کە دەرکەوتەی ئەنیمـۆس لە "ژن" دا دەردەکەوێ نەک ژنـۆکە؛ ژن دەربڕیـی وەفـاداری و دانبەخـۆداگری و قـورس و قـایمبوونە، کە زۆرتـر لە کەسـایەتی پیـاودا ڕەنگـدراونەتەوە. حەکایەتی قەلەڕەش باسی ژنی پاشایەکە (پاشاکە بڕیاردەدات دەست لە پاشایەتی هەڵگرێ و ژیانی دەروێشی هەڵبژێرێ؛ بۆیە سێ ژنەکەی سەپشک دەکات کە ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. دوویـان پـارە و پـول هەڵـدەبژێرن و یەکیکیشـیان دەڵـێ لەگەڵـت دێـم) کە دوای ئەوەی وا نیشاندەدا وەفادارە بە پاشا و بەهۆی پارە و زێڕەوە لەگەڵی نەبووە، بەڵام دواتـر ڕەدووی کوڕی پاشـایەکی تـر دەکەوێ. دەروێش(پاشـای پێشـوو) زۆر بە دوای ژنەکەیـدا دەچێـت و سـەرەنجام دەزانـێ کە لە مـاڵی پاشـایە. دوای ئەوەی کە دەرویـش گـۆرانی و سـروود دەڵێـت و پاشـای باوکی کوڕەش کەیفی بە دەنگی دێت و دەڵێ هەرچی داوا بـکەی پێتـی دەدەم، دەروێش بە پاشـا دەڵـێ، کە هـیچم نـاوێ و داوایەکـم لێـت هەیە. داواکەشـی ئەوەیە کە ژنەکەی ئەو لە لای کوڕەکەیەتی بیداتەوە. پاشاش دەڵێ مـن ئەو بێـدادییەم پـێ قبـوڵ نـاکرێ. ئەگەر بێت و ئەوە ڕاسـت بێـت ئەوا ژنەکەت دەدەمەوە و ئەگەر ڕاسـتیش نەبـێ، ئەوا لە ملـت دەدەم. دەرویـش نـازانێ کە ژنەکەی ڕەدووی هەوەس کەوتـووە، بـۆیە دوای ئەوەی کە لە ژنە دەپرسـن ئـایا ئەو دەرویشە دەناسێ، ئەویش دەڵێ قەتم نەدیوە و نەناسیوە. دواتر پاشـا دەڵـێ "بـڕۆ مەمنـوونی خـوای بە، کە میوانی منی و دەنگت خۆشە، ئەگەرنا دەمکوشتی. مەسەلەیەک هەیە دەڵێ: (ژنیش هەیە و ژنۆکەش هەیە)"(گەردی: ٢٠١٤: ١٢) بەمجۆرە وێنەی ژنۆکەکە ئامـاژەیە بـۆ ژنێکـی بێ وەفا و کەوتووە دوای هەوەس و "ژن"یش ئاماژەیە بۆ ئەو کارەکتەرەی کە نموونەی وەفا و داوێنپـاکییە. کە ئامـاژەن بـۆ هەنـدێک سیفەت و تایبەتمەنـدی پیـاو. ئامـاژەیە بـۆ پیـاوەتی و مەردایەتی ژن!

ئەم حـاڵەتی بەحەیـا و حـورمەتییە و خۆپاراسـتنە، لە حەکـایەتی "سـێ کۆسـە" شـدا هەیە. لەوکـاتەی کە دەیـاتنەوێ ئەوە بـۆ پیاوێـک ئاشـکرا بـکەن، کە ئایـا سـەربڕینی منـداڵەکەی کـاری دایـکەکەی بـووە یـان زڕدایـکەکەی. ئەوانـیش دەڵـێن خەڵکـی کۆکەنەوە. دوای کۆبوونەوەی خەڵکەکە، دەڵێن دەبـێ هەردوو ژنەکە خۆیـان ڕووتبـکەنەوە. دایکەکە خۆی ڕووتناکاتەوە و دەڵێ "هەزار منداڵیشم لەبەر جەرگی هەڵگرن، حەیای خۆم نـابەم."(گەردی: ٢٠١٤: ١٨٥) بەڵام زڕدایـکەکە خـۆی ڕووتـدەکاتەوە. ئەوانـیش ئەنجـامگیری دەکەن، کەسـێک ئامـادەی کـاری لەمشـێوەیە بێـت هەمـوو کـارێکی خراپـی دیـکەی لـێ

دەوەشــێتەوە. لێــرەدا تایبەتمەنــدی ئەنیمۆســی لە کەســایەتی دایــکەکەدا لە دووبــارەوە دەردەکەوێ، یەکەمیان بە جەرگی لە گوێنەدان بە لەناوچوونی جەرگی لە بەرامبەر حەیا و حورمەتی، دووەمیش لەوبارەوە کە ئامادەی ئەوە نییە کارێک بکات نیشانەیەکی لۆژیکی و عاقڵانەی پێوە دیار نەبێ.

بەشــێوەیەکی گشــتی لە حەکایەتەکــانی نــاو (هەقــایەتی ســێ دەرمــان)، دەرکەوتەکــانی ئەنیمــۆس لە دوو حــاڵەتی زۆر بــاودان. یەکەمیــان ژیــری و زیرەکــی و دووەمیشــیان پەیوەســت بــوون بە کەسـێک و سـەرنجدان لە تایبەتمەنـدییەکانی پـاڵەوان و دواجـار گەیشتن بە هاوسـەرێتی. بۆ نموونە لە حەکایەتی (شای ماران) دا، دوای ئەوەی بـرای گچکە دەچێتە چین بۆ هێنانی کچی قاقانی چین بۆ شای ماران و سەرجەم مەرجەکانی قاقـانی چـین جیبەجێـدەکات و تەنیـا مەرجـی پێـنجەم دەمینـێ، کە پێیـوایە پێـی جێبەجـێ نـاکرێ، لێرەدا کـچەکە کە ناوبـانگی ئەحمەدی(بـرای گـچـکە) بیسـتووە، دێـتە فریـای و نـامەیەکی بۆ دەنووسـێ:" ئەحـمەدی عەزیـزێ بەر دڵـی مـن.. پـاش رێـز و سـڵاو... لەورۆژەوەی تـۆ هاتوویتەیە داخوازی من و ناوبانگی زیرەکی و دلێرە تۆم پێگەیشتووە ئەشقی تۆ کاری لە دڵ کردووم؛ ئێستاش دەزانم ئەگەر من بە هاناتەوە نەیەم، دوا مەرجی باوکمت پێ نایەتە دی و ســەرت تێــدەچێ. "(گەردی: ٢٠١٤: ٨٦) ئیتــر زانیــارییەکەی بــۆ دەنیــرێ و ئەو مەرجەش جێبەجێـدەکات. کـچەکە زیرەکـی و دلێـری ئەحـمەدی چووەتە دڵ و دواجـار وەک بەشـێک تایبەتمەندی پیاوانە لەناو دڵیدا جێگیری کردوون.

هاوشـێوەی ئەم بـابەتە لە حەکـایەتی (حەسـەن حەقـنەبەر) دەتـوانین ببینـین، دوای ئەوەی پاشا بڕیاری بەخشینی کچەکەی بە ئەحمەد دەدات و، پاش ئەوەی کە ئەحمەد لەسەر بنەمـای رێکەوتنــی نێـوان خـۆی و حەقـنەبەر(کە هەر دەســکەوتێکیان هەبـوو بـیکەنە دووبەشــەوە) رازی دەبــێ بەوەی یەکەمجـار حەقـنەبەر بچێـتە لای کـچەکە، حەقـنەبەر کە دەچێـتە لای کـچەکە یەکسـەر مارێـک کە لە ملـی ئـاڵێنراوە، دەیکـوژێ. کـچەکە زۆر سەرسام دەبێ پێی، بەڵام حەقنەبەر ناچێتە لای و، پێی دەڵێ کە ئەو موڵکی ئاغاکەیەتی؛ ژنەکەش دەڵـێ " ئەگەر غـوڵام ئەوهـا بـێ، دەبـێ ئاغـا چ بـێ؟"(گەردی: ٢٠١٤: ١٤٢) ئەمە ئەو تایبەتمەندییەیە کە یۆنگ باسی لێوە دەکات، کە پێی وایە جاری وایە هەبوونی هەندێک تایبەتمەنـدی پیـاوانە کە لە دەروونـی ژنـدان و بینینیـان لە پیاوێکـدا، وادەکـات کە ئەو ژنە عاشقی پیاوەکە بێت.

هەر لەم پێوەندییەدا، لە حەکایەتی (سێ برا)دا، دەتوانین حـاڵەتێکی لەمشـێوەیەی ئەنیمــۆس ببینــین. دوای ئەوەی ئەحــمەد و محەمــمەد و مەحمــود بــۆ بەدەســتهێنانی دۆتمامەکەیـان دەچـن و رێـی سەفەر دەگـرن و سـێ شـتی دادوویـی بەدەسـتدەهێنن(گۆیەک و

بەرماڵێک و سێوێک)؛ لە کاتی گەڕانەوە و یەکترگرتنەوەیان، سەیری گۆیەکە دەکەن، دەبینن دۆتمامەکەیان زۆر نەخۆشە. بەخۆیان دەکەون. برای دووەم دەڵێ سواری بەرماڵەکەی مـن دەبـین و بە خێرایـی دەگەیـنەوە لای. کە دەگەنەوە لای، سێوەکەی مەحمـودی دەدەنـێ، دەستبەجێ چاک دەبێتەوە. ئینجا هەر سێ براکە هەریەکە و هەنجەتی خۆیان دەخەنەڕوو، کە دەبێ بۆ کامیان بێ. لە بەرامبەردا کچەکە دەڵێ: "باوکە، بۆ من هەرسێ پسمامەکە وەکو یەک وان، بەڵام دەبێ ئەوە رەچاوبکەین، کە نە محەممەد گۆی خۆی داوە بە من و نە ئەحمەد بەرماڵەکەی خۆی داوە بە من! مەحموود سێوی خۆی داوە بە من و من بەو سێوە چاک بوومەتەوە. واتە مەحمود مارەیی خۆی داوە و تازە گەڕانەوەشی بۆ نییە. بۆیە حەق بەلای مەحمـودەوەیە."(گەردی: ٢٠١٤: ٢٣٨) لێرەوە دەشێت خوێنـدنەوەی ئەوە بکرێ کە کـچەکە محمـوودی لەبەردڵان بـووە و دواجـار ئەوی پەسـەندکردووە، بەتـایبەتی لەوبـارەوە کە تەنیـا شـتێکی هێنـاوە و ئەو شـتەی ئیتـر نەمـاوە و بـۆ چارەسـەرکردنی ئەو بەخشـیویەتی. بـۆیە ئەم بەخشـەندەیی و سـەخاوەتەی ئەمـی وەکـو سـیفەتێکی حەزلێکراوی پیاوانە پەسـەندکردووە. دیارە لێرەدا ئەو خوێندنەوەیەشی لێدەکرێ کە پەیوەستە بە ژیری و عاقڵی کچەکەوە، کە چەنـدە زیرەکـانە ویسـتوویەتی کێشـەکە حەل بکـات. ئەم رەهەنـدی لـۆژیکی و عەقڵیـیە یەکـێکە لە تایبەتمەنـدییە ئەنیمۆسـییەکان. ئەوەتـا هەر لە درێـژەی ئەو داسـتانەدا، بـاوکی کـچەکە دوای بیستنی ئەم لێکدانەوەیەی کـچەکەی، زۆر هەوەسی بە دانـایی کـچەکەی دێت.(گەردی: ٢٠١٤: ٢٣٩) لێرەوە دەچینە ناو مەسەلەی لایەنی عەقڵی و لۆژیکی ژنـان، کە وەکو دەرکەوتەیەکی ئەنیمۆسی لە وجودی ژناندا خۆی نیشاندەدات.

لە حەکایەتی (ئەحمەدی برای شێر) دوای ئەوەی کە پیرەژنەکە دەچێتە کۆشـکی ئەحـمەد و خوشـکی، خوشـکی رازی نـابێ لەوێ بـێ بەڵام ئەحـمەد رازی دەبـێ. خوشـکەکە دەڵێ: "برام لێ مەگەڕێ لێرە بێ! من زۆر لە مەکری پیرەژنان دەترسم! ئەم پیـرەژنە تووشی شتێکمان دەکات."(گەردی: ٢٠١٤: ٤٥) ئەمە لە دوو بـارەوە جێگەی سـەرنجە. یەکەم ئەوەی کە مەکـری پیرەژنـان وەکـو سـیفەتێکی ژنـانە دەردەکەوێ و نیشـاندەدرێ، دووەم ئەوەی کە خوشـــکی ئەحـــمەدی چـــاک لەوە تێگەیشـــتووە و لە رووی عەقڵـــی و لـــۆژیکییەوە دژی دەوەسـتێتەوە و کەیفـی پێـی نـایێ. بەتـایبەتی ئەگەر سـەرنجبدەین، کە دواتـر ئەم پیـرەژنە دەبێتە کێشە بۆیان. واتە خوشکی ئەحمەد بە ئاوەز و عەقڵی خۆی دژی ئەو سیفەتە ژنانەیە، کە مەکری ژنـانە، دەوەسـتێتەوە و پێیـوایە کە نـابێ هەسـتی بەکـاربێنێ و بـاوەڕ بە فێـل و تەڵەکەی پیرەژنەکە بێنێ و بکەوێتە ناو داوی مەکرەکانییەوە.

لە حەکایەتی (مەکری ژنان) دوای ئەوەی بازرگانێک دەچێتە خوازبێنی کچێک و لەگەڵ باوکەکەی رێکدەکەون، بازرگانەکە دەڵێ بەس مەرجێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە

که بەیانیان لەگەڵ چوونە دەرەوەم دەرگا لەسەر ژنەکە دادەخەم و تا کاتی هاتنەوەم نایکەمەوە. ژنەکەش نارەزایەتی دەرنابڕێ؛ دوای گواستنەوەی، هەر کاتێک پیاوەکە شتێک دەهێنێت و دەڵێ لێینێ و دەگەڕێتەوە بۆ دووکانەکەی، ژنە لە کونێکی ناو ماڵەکەیان لەگەڵ باخچەوانێک دەست تێکەڵدەکات و هەموو جارێک کەرەستەکانی پیاوەکە بە شتێکی تر دەگۆڕێتەوە. کە پیاوەکە دەگەڕێتەوە سەری لەمە سوورِدەمێنێ. تا دواجار باخچەوانەکە دەهێنێتە ناو ماڵەکە و لەناو کەنتۆرێکدا حەشاری دەدات. کە پیاوەکەی دێتەوە و نان دەخۆن، باخچەوانەکە دەنگی لێوە دێ، پیاوەکەش کە هەڵدەستێتەوە و کەنتۆرەکە دەکاتەوە دەبینێ پیاوێکە. تورە دەبێت و دەچێ پۆلیس و ماڵی ژنە دێنێ. بەڵام لەو ماوەیەدا ژنەکە باخچەوانەکە دەنێرێتەوە دەرێ و دەڵێ جاشکێکی بۆ بنێنێ و لە کەنتۆرەکەی دادەنێ. بەمجۆرە کاتێک دەگەرێنەوە، دەبینن قسەی کابرا راست نییە و تەنیا جاشکێکی گچکەی لێیە. (گەردی: ٢٠١٤: ٢٢٠-٢٣٤) ئەم حەکایەتە ئەگەرچی بە مەکری ژنان دانراوە، بەڵام کاتێک کە ئەنجامەکەی دەبینین و بۆ قەناعەتپێهێنانی پیاوە، بەوەی کە نابێ بەوشێوەیە هەڵسوکەوت لەگەل ژن بکرێ، هەستدەکەین ئاوەزمەندییەکی جوانی تێدایە. بەتایبەتی لەوبارەوە کە دەبینین ژنەکە بەهیچ شێوەیەک تووشی هیچ هەڵەیەک، کە ئاماژە بێ بۆ بێبەندوباری یان شتێکی تر، نابێ. لێرەدا تایبەتمەندییە ئەنیمۆسییەکە، حیکمەتی ژنەکەیە کە ئامـاژەیە بـۆ ئاوەزمەندیی ئەو؛ ئەمەش وەکو تایبەتمەندییەکی پیاوانە لە وجودی ئەو ژنەدا دەردەکەوێ. ئەم بابەتە دەتوانین لە حەکایەتی (حەسەنەکەر) یش ببینین(دیارە هەر لەم حەکایەتەدا، ئەو رەهەندەشی تێدایە کە خۆیان لە وجودی حەسەندا دەبیننەوە).

بەمجۆرە دەبینین لە حیکایەتەکانی سێ دەرمان دا، لایەنە ئەنیمایی و ئەنیمۆسییەکان زۆر بە روونی خۆیان نیشانداوە دەرکەوتوون. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هەندێک رەهەندی پیاوانە و ژنانە هەن، لەبەرئەوەی لەناو دەقەکە یان لە کۆی دەقەکاندا لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە نەیانتوانیوە ببنە تایبەتمەندی‌یەکی بەربڵاو، بۆیە دەستنیشاننەکراون و وەکو بەشێک لە دەرکەوتەی ئەنیمایی یان ئەنیمۆسی نەخراونەتەروو. ئەوە تەنیا لە حاڵەتێکدا دەبێ، ئەگەر بێت و بزانرێ لە چ سەردەمێکدا ئەو دەقانە نووسراون، یان ئەوەتا لێکۆڵینەوەیەکی وردی کۆمەڵناسانە و مێژوویی بکرێ، بۆ ئەوەی دەستنیشانبکرێ، کە ئامازەن بۆ هەندێک تایبەتمەندی ژنانە وپیاوانەی ئەو نەتەوەیە؛ دیارە ئەمەش کات و نەفەسێکی زۆر زیاتر و مێتۆدۆلۆژییەکی تایبەتیشی دەوێ.

بابەتێکی دیکەش کە گرنگە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە، نێزیک بە تێکڕای دەرکەوتەکانی ئەنیما و ئەنیمۆس و دەرکەوتنیان لە کارەکتەرەکاندا، لە حاڵەتی ئاگایی ئەکتەرەکاندا دەرکەوتوون، نەک ئەوەی لە خەوندا بەرجەستە کرابن.

## ئەنجام

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەماندا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. هەردوو دەرکەوتەی ئەنیما و ئەنیمۆس لە کەسایەتی حەکایەتەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە.
2. لە هیچکام لە حەکایەتەکاندا، جۆری دەرکەوتەی ئەو تەرزە سەرەتاییانە، لە نائاگاییەوە نییە؛ واتە لە خەوندا بەرجەستە نەبوون. کە بنەمای دەستنیشانکردنەکەیان لە دەروونناسی یۆنگدا، لەوێدایە. ئەمە جگە لەوەی کە هەم زمانی دەقەکان و هەم گێڕانەوەکەشیان زۆر سەرەتایی و سادەیە.
3. ئەنیما لە حەکایەتەکاندا، هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنی هەیە. هەرچی ئەرێنییە، بەشێوەیەکی گشتی لە تایبەتمەندییەکانی وەک هەستناسکی و هاوسۆزییە. هەرچی ئەنیمای نەرێنیشە لە قاڵبی فرت و فێڵ، مەکربازی، خۆکۆنترۆڵنەکردن، ترسنۆکی و بێهێزی، ئەمانەتنەداری و قسە لەدەم نەمان.
4. ئەنیمۆس لە حەکایەتەکاندا بەشێوەیەکی گشتی لەم تایبەتمەندییانەدا ڕەنگدەداتەوە؛ داوێنپاکی و وەفاداری، بەجەرگی، ژیری و ئاوەزمەندیی، بینینەوەی تایبەتمەندی پیاوانە لە پیاویکی تایبەت و عاشقبوونی(پرۆجکشن).

### پەراوێزەکان

١- لێرەدا ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە، کە ئایا حەکایەت ئەفسانەیە یان نا؟ ئەمە بابەتێکە، کە لەنێوان لێکۆڵەرانی کورددا مشتومڕی لەسەرە و تا ئێستا یەکلانەبووەتەوە؛ بابەتەکەش ئەوەیە کە ئێمە زۆرجار دەمانەوێ کتومت بەپێی پێوانەکانی گەلانی دیکە و ڕوانگە تیۆرییەکانی دیکە، پێناسەی ئەفسانە بکەین، لەکاتێکدا ئەفسانەش وەکو هەر چەمکێکی تر و بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، کولتووری و هزری نەتەوەکان، خاوەنی میژووی پەرەسەندنی تایبەت و چوارچێوە و سنووری واتایی تایبەت بە خۆیەتی، کە ڕەنگە لەوانی تر نەچێت. بۆیە لەمڕوانگەیەوە، باس لەوە دەکرێ کە حەکایەتی کوردی، بە سەرنجدان لە تایبەتمەندییەکانی کارەکتەر، ڕووداو، ژینگە و مەوداکانی کات و شوێن، کە هەیانە و ڕەهەندێکی سەرووسروشتییان هەیە و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی پێناسەی ئەفسانەدا دێنەوە، بۆیە بە ئەفسانە دێتە ئەژمار. بۆیە ئێمەش لێرەدا بە پشتبەستن بەو ڕوانگەیە، حەکایەتی سێ دەرمانمان، وەکو کۆمەڵە تێکستێکی ئەفسانەیی ئەژمارکردووە.

٢- لێرەوە فرۆید پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤیش دابەشی سەر سێ بەش دەکات، کە ئەوانیش "مـن، منی باڵا و ئەو"ن. ئەم سێ بەشەی کەسایەتی مرۆڤ بەگویرەی جۆری مامەڵەکردنیان لە سنووری نێوان ئەم وشیاری و ناوشیارییە، پێناسەدەکرێن.

٣- "زاراوەی (وێنەی ئایدیالی) بە ئاماژە بە وێنەی خودا (Imgo Dei) لە مرۆڤدا، لە سەردەمی فیلجودائوس سەری هەڵدا. هەروەها دەتوانین ئەم زاراوەیە لەم گوتەیەی (ئیراناش)یشدا، بەمجۆرە ببینین: ئافرێنەری دنیا شتەکانی لە خۆی درووستنەکرد، بەڵکو لەرووی وێنەیەکی ئایدیالی دەرەوەی خۆیەوە خوڵقاندنی و وێنەی لێهەڵگرتنەوە." (یونگ: ..... : ١٤)

٤- لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە لە رەوتی دەرخستنی ئەنیما و ئەنیمۆس و باسکردنیان، هەندێکجار بەجۆرێک دەردەکەوێ کە ئێمە زیاتر لە رەهەندی نەرێنی ژن و دەرکەوتەکانی لە پیاودا دەدوێین. ئێمە لێرەدا ئەوە تەنیا وەک پرسێکی کولتووری و میژوویی دەبینین و پەیوەستە بە دەستنیشانکردنی دەرکەوتنی ئەو سیفەتانە لە پیاو یان ژندا، نەک ئەوەی کە باوەڕی تـوێژەران ئەوە بێت، ژن لە هەڵکەوتێکی نزمدایە یان بەرز. ئەمە بۆ پیاویش هەر راستە.

٥- تەنانەت لەم سەردەمەدا، سەرەڕای ئەوەی لە هەندێک وڵات و لەژێر ناوی مافی مرۆڤ و ئازادی و ..هتد، هەندێک تەوقی ئەم تێگەیشتنە بێهێزکراوە، بەڵام هێشتاش وەکو رەوتێکی نەرێنی سەیری دەکرێت و مرۆڤ دەیەوێ ئەو ئاڕاستانەی وجودی خۆی بە نهێنی بهێڵێتەوە، کە ئاماژەن بەوەی سەرنجی بەرەو لای رەگەزی پێچەوانەیەتی.

٦- حەکایەتی سێ دەرمان، کۆمەڵە دەقێکن کە لە بەرگێکدا کۆکراونەتەوە و ٣٠ دەقی لەخۆگرتووە.


**سەرچاوەکان**

**بە کوردی**

- گەردی؛ عەزیز (٢٠١٤)، هەقایەتی کوردەواری١ سێ دەرمان، ئاوێر، هەولێر.

**بە فارسی**

- اسنودن؛ روث (١٣٩٣)، یونگ: مفاهیم کلیدی، افسانه شیخ اسلام زاده، عطائی، تهران

- فروید؛ زیگموند (١٤٠١)، کاربرد روانکاوی در نقد ادبی؛ هفت اثر از فروید درباره ادبیات، ترجمه د. حسین پاینده، چاپ ٥، انتشارات مروارید، تهران.

- مخبر؛ عباس (١٣٩٩)، مبانی اسطورەشناسی، نشر مرکز، چاپ ٥، تهران

- یۆنگ؛ کارڵ گۆستاف (٢٠١٩)، مرۆڤ و هێماکانی، و. روقیە سەییدی، ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر.

- یونگ؛ کارل گوستاو (.....)، چهار صورت مثالی، ترجمه پروین فرامرزی، انتشارات قدس.

**بە ئینگلیزی**

- Jung: Emma(2004), Animus Anima, Spring Publication, New York.
- Jacobi: Jolande(1980), The Psychology of C.G. Jung, Routledge and Kegan Paul, London and Henley.

## تجليات الأنيما والأنيموس في الميثولوجيا الكردية


### الملخص

تعد مناقشة الطبيعة البشرية فيما يتعلق بكونهم نساءً أو رجالاً من المواضيع المهمة في تاريخ الفكر والفلسفة والعلم؛ حيث كانت دائماً موضوعاً للنقاش والجدل. السؤال الرئيسي هنا: كيف تتجلى خصائص شخصيتنا عندما نأخذ في الاعتبار أسسنا الثقافية والتاريخية والفردية؟ بالنظر إلى أن هوية كل شخص تتأثر بعوامل تاريخية ونفسية معينة. دراسة الأساطير والقصص القديمة، كانت ولا تزال، مجالاً مهماً للبحث في الشخصية الإنسانية وخصائصها. هنا، لتسليط الضوء على تجليات الأنيما والأنيموس، التي يمكن أن تفسر في النهاية إلى حد ما ظهور الخصائص الأنثوية والذكورية في اللاوعي الكردي، قمنا بتخصيص هذا البحث تحت عنوان "تجليات الأنيما والأنيموس في الأساطير الكردية." وقد استخدم البحث المنهج الوصفي -التحليلي، واعتمد - من الناحية النظرية - على المنظورات النظرية لكارل غوستاف يونغ فيما يتعلق بالأنماط البدائية وطبيعة الأنيما والأنيموس، اللذين هما اثنان من هذه الأنماط البدائية.

ترتبط الأنيما بتجلي السمات والخصائص الأنثوية في الرجال، والأنيموس بالعكس، لذا، يهدف البحث إلى إظهار كيفية ظهور هذه التجليات. لقد توصلنا إلى أن خصائص الأنيما، بجانبيها الإيجابي والسلبي، والأنيموس، تنعكس في شخصيات الأبطال. يقتصر نطاق بحثنا على "حكاية الكردية (سێ دەرمان. العلاجات الثلاثة)" التي جمعها وأعدها الدكتور عزيز الگردي.



**الكلمات الدالة:** *اللاوعي الجمعي، الأنماط نموذجية، الأنيما، الأنموس، الأساطير الكردية.*

## Manifestations of Anima and Animus in Kurdish Myths

**Abstract**

Discussing human nature regarding being women or men is one of the important topics in the history of thought, philosophy, and science; as it has always been a subject of discussion and debate. The main question here is that: how do our personality characteristics manifest when we consider our cultural, historical, and individual foundations. given that each person's identity is influenced by certain historical and psychological factors? Studying ancient myths and stories has been and continues to be an important area of research for investigating human personality and its characteristics. Here, to highlight the manifestations of anima and animus, which can ultimately somewhat explain the emergence of feminine and masculine characteristics in Kurdish human unconscious, we have designated this research under the title “Manifestations of Anima and Animus in Kurdish Myths” To conduct this research, we have used the descriptive-analytical method. Theoretically, we have relied on Carl Gustav Jung's theoretical perspectives regarding archetypal patterns and the nature of Anima and Animus, which are two of these archetypal patterns. Anima is related to the manifestation of feminine traits and characteristics in men, and Animus vice versa.

The aims to demonstrate how these manifestations appear. We have concluded that both Anima characteristics, both positive and negative aspects, and Animus, are reflected in the characters' personalities .The scope of our research is limited to the work "The Tale of Three Remedies" collected and prepared by Dr. Aziz Gardi.

**Keywords:** *Collective Unconscious, Archetypal Patterns, Anima, Animus, Kurdish Myths*